دەستگیرکردنی دوو ئەندامی داعش و پێنج کەسی دیکەی بە تۆمەتی بازرگانیکردن بە مادەی هەشبەر

ئەمڕۆ شەممە ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەواڵگری و ئاسایش لە وەزارەتی بەرگری،دەستگیرکردنی دوو ئەندامی داعش و پێنج کەسی دیکەی بە تۆمەتی بازرگانیکردن بە مادەی هەشبەر لە 4 پارێزگار ڕاگەیاند. بەڕێوەبەرایەتیەکە لەبەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند:" لەدرێژەی بەدواداچوون بە پاشماوەی بانده تیرۆریستیەکان هێزەکانی بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری و ئاسایشی کەرکوکی سەر بە هەمان بەڕێوەبەرایەتی توانیان کەسێکی تیرۆریست لە قەزای حەویجە لە پارێزگاکە دەستگیر بکەن،کە فەرمانی دەستگیرکردنیان لە دژی دەرچوو بوو بەپێی بڕگەکانی مادەی (1/4) تیرۆر. وەک بەیاننامەکە ئاماژەی پێداوە:"هێزەکانی بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری و ئاسایشی سلێمانی، بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی دژگای ئاسایشی سلێمانی، ئەندامێکی تیرۆریستی داعشیان دەستگیرکرد کە داواکرابوو، بەپێی فەرمانی دەستگیرکردن لە مادەی (1/4) تیرۆر لەلایەن دادگای لەکۆمیتەوەی حلە،کە ئەپراسیۆنی دەستگیرکردنەکە لەسەر بنەمای "زانیاری هەواڵگریی ورد بوو لە بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری و ئاسایشی بابل". هەربەپێی بەیاننامەکە لەلایەکی دیکە ، هێزەکانی بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگیری و ئاسایشی زیقار توانیان دوو بازرگانی مادەی هەشبەر لە قەزای ناسریە دەستگیربکەن، بە پشتبەستن بە دوو فەرمانی دەستگیرکردن ، لە ماددەی (28) هەشبەرکان. لەلایەکی دیکەوە هێزەکانی بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری و ئاسایشی بەغدا سێ کەسی داواکراو

کە دەستەاتی دادوەری داوایکردبوون دەستگیرکرد کە یەکەکیان بازرگانی بە ماددەی هەشبەرەو دەکرد لە ناوچەی ئەعزەمییە و دوو کەسی دیکەش کە مەتەتی ساختەیان بە یەکەک لەو کەمپانیایانە ساختە کردووە کە کەین و فرەشتنیانی بە دراوی بیانی کردووە لە شەقامی ەەشید لە ناوەاستی بەغدا،هاوکات لایەنە پەیوەندیدارەکان ەەوشوەنی یاسایان بەرامبەر گرتەتەبەر و ەەوانەی دەستەاتی دادوەری کراون بە لەکەینەوەی زیاتر و سزادانیان .